# بەش : ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی

# کۆلێژ : پەروەردە

# زانکۆ : سەلاحەددین -هەولێر

# بابەت : ڕێبازی توێژینەوە -کۆرس 1

# پەرتووکی کۆرس - قۆناغی 3

**ناوی مامۆستا : د . دیار محی الدین صادق جەباری**

# ساڵی خوێندن: 2022 - 2023

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ڕێبازی توێژینەوە - کۆرس یەکەم |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | د . دیار محی الدین صادق |
| 3. بەش/ کۆلێژ | ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی / پەروەردە |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل- diyar.sadeq@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن- 07500500606 - 07707500606 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 3 سێ کاتژێر لە هەفتەیەك |
| 6. ژمارەی کارکردن | 3 کاتژێر لە هەفتەیەك |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لە ساڵی 1992 – 1993 لە ئامادەیی ڕزگاری لە ناو شاری هەولێر بە کۆ نمرەی ( 525 ) خوێندنی ئامادەییم تەواوکردووە ، و دواتر لە لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر لە بەشی پەروەردە ودەرونزانی بڕوانامەی بکالۆریۆسم لە ( پەروەردە ودەرونزانی ) م بە پلەی ( دووەم ) سەر بەش بە کۆنمرەی ( 71،82 % ) لە ساڵی 1996 – 1997 بەدەست هێناوە ، لە ساڵی 1998 – تا ساڵی 2002 پیشەی مامۆستاییم کردووە لە پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە و چەمچماڵ بۆ ماوەی ( 5 پێنج ساڵ ) ، بابەتەکانی پەروەردەیی و دەروونیم دەوتەوە وەك (دەرونزانی گشتی – دەرونزانی پەروەردەیی – ئاماری پەروەردەیی – بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی – توێژینەوەی پەروەردەیی ) ، دواتر لە ساڵی 2003 ەوە تا ساڵی 2004 یاریدەدەری توێژەر بووم لە زانکۆی سلێمانی لە کۆلیژی پەروەردەی – کۆیە و ئەمینداری کتێبخانەی کۆلیژی پەرورەدەی کۆیە بووم ، دواتر لە ساڵی 2005 بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردە و دەرونزانی لە زانکۆی کۆیە کۆلیژی پەروەردە و بەشی پەرورەدە و دەرونزانی بە پلەی ( نایاب ) تەواو کردووە ، دواتر بۆ ماوەی 5 ساڵ مامۆستایی یاریدەدەر بووم لە زانکۆی کۆیە و لە کۆلیژی پەروەردە بابەتەکانی پەروەردەیی و دەروونی دەوتەوە وەك ( دەرونزانی گشتی – دەرونزانی پەروەردەیی – ئاماری پەروەردەیی – تێکستی پەروەردەیی بە ئینگلیزی – ئاماری پەروەردەیی – پێوانە وهەڵسەنگاندن – دەرونزانی گشەی منداڵ و هەرزەکار – ڕێبازی لێکۆلینەوەی پەروەردەیی و دەروونی – ڕێنمایی پەروەردەیی ودەروونی – توێژینەوەی پەروەردەیی و دەروونی – دەرونزانی جیاوازی تاکایەتی – دەرونزانی هونەری ) هەروەك لە ساڵانی 2008 -2009 وانەبێژ بووم لە زانکۆی سەلاحەددین بۆ ووتنەوەی دەرونزانی گشتی و دەرونزانی |

گەشەی منداڵ و هەرزەکار و پێوانە وهەڵسەنگاندن لە بەشـەکانی زمـانی کـوردی و ئینگلیـزی کـۆلێژی پـەروەدەی زانکـۆی سـەلاحەدین ، لەسـاڵی 2009 لـە خوێنـدنی بـاڵا ( دکتـۆرا – پسـپۆری دەرونزانـی پـەروەردەیی ) زانکۆی سەلاحەددین وەردەگیرم و دواتر ە ساڵی 2013 بە پلەی ( نایاب ) بڕوانامەی دکتۆرام پێ دەبەخشرێ ، و لەم ماوەیە میلاکم دەگوازمـەوە بـۆ زانکـۆی سـەلاحەددین کـۆلێژی پـەروەردەی بنـەڕەتی ، ولەبەشـی باخچەی منداڵان وەك مامۆستا بابەتـەکانی ( پێوانـە و هەڵسـەنگاندن و دەرونزانی گشتی و ڕێبازی لێکۆلینەوەی پەروەردەیی و بینـین و پراکتیـك کــردن و ئامــاری پــەروەردەیی و فێرکردنــی بیرکردنــەوە ) دەڵێمــەوە ، هەروەها لە خوێندنی ئێوارانی هەمان کۆلێژ وانەم وتۆتەوە .

من پسپۆری دەرونزانی پەروەردەیی ، هەروەك ئەزموونی باشم هەیە لە بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن و ئاماری پەروەردەیی بۆ مـاوەی زیـاتر لـە 10 سال ... هەروەك لە بواری کەلتووری ئاشتی کە بابەتی تێزی دکتورام بووە کارم کردووە و لە کۆمەڵگای کوردی و سـنووری شـاری هـەولێر لـە ڕێکخراوی دلسۆزی نیشتمان کارم کردووە و پێم وایە ژیـانی ئـەکادیمی تەواو کاری ژیانی کومەڵگایە ...هەربۆیە جگە لە بواری ووتنەوەی وانـەی ئـەکادیمی لـە زانکـۆ چەنـدبن سـیمنیار و وێرکشـۆپم ئـەنجام داوە و و زۆربەییان بە خۆبەخشی بووە ... بۆ چەنـدین دامـەزراوەی خێرخـوازی و پەروەردەیی و بواری ئاوارەکان و هێدمەی دەروونی و نەخۆشخانەکان .

ئەو خولانەی لە سنووری وەزارتی پەروەردە بەژدارییم تێدا کردووە :

1- خولی منداڵ پارێزی جیهانی - SCF ( لەسەر کارکردنی بە گروپ ) لە ساڵی 1999 .
2- خولی ڕێکخراوی گشتی مین ( MAG ) لە ساڵی 1999 .

چالاکی یەکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا :

1- خولی فێربوون و پەرەپێدانی کۆمپیوتەر ساڵی 2003 لە زانکۆی کۆیە .
2- خولی شیاندنی مامۆستایانی بنەڕەتی – وەك – مامۆستایی وانـە بێژ لە ساڵی 2007 .
3- خولی ڕێگاکانی وانە وتنەوە ساڵی 2010 ، وەك قوتابی .
4- خولـەکانی پەرپێـدانی ئاشـتی ڕێکخـراوی ئاشـتی نـاحکومی لـە ساڵانی 2009 تا ساڵی 2014 وەك وانە بێژ و بەڕێوەبەری خول .
5- خــولی (19- 20) ی ڕێگاکــانی وانــە وتنــەوەی زانکــۆی ســـەلاحەددین ، وەك ( هەڵســـــنگێنەری ســـــیمیناری مایکرۆتیچینیگ )
6- خولی فێربوون وپەرپێدانی بەرنامـەی ئێکسـڵ سـاڵی 2015 لـە کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەددین .

| | |
|---|---|
| 7- وانـــەبێژی خـــولی گەشـــەپێدانی مامۆســـتا و بەڕێوەبـــەرانی باخچەکانی منداڵان بووم کە تایبەت بە ڕێکخراوی ( یۆنیسکۆ) بۆ ماوەی 8 هەفتە لە ساڵی 2014 – 2015 .<br>8- پێشەکەشـــکردنی وێرکشـــۆپی ( چۆنیـــەتی بینـــاکردن ودانـــان و نمرەدانـــانی پرســـیاری زانکـــۆیی ) بـــۆ مامۆســـتایانی کـــۆلیژی پەروەردەیی بنەڕەتی لە ساڵانی ( 2013- 2014 -2015 ) لەگـەل ( د. سلوی أحمد أمین ) .<br>9- بـــەژداری کۆنفراســـی ( تۆڵەســـەندنەوە خێڵـــەکی و عەشـــایری ) ڕێکخراوی هۆشیاری خێزان لە زانکـۆی کۆیـە لـە سـاڵی 2012 وەك پێشکەشکاری بابەت .<br>10- چەندین سیمنار و وانەی پەروەدەیی و دەروونی یم پێشەکەش کردووە لە ناو شاری هەولێر و لە سنووری پـەروەدەی هـەولێر ،وچەندین سوپاسنامەم بۆ ئەم مەبەستە وەرگرتـووە ، بـەڵکو لە شارەکانی وەك ( کۆیە - تایبەت بە رۆژی جیهانی تونـدوتیژی دژ بە ئافرەت چەنـدین سـیمنار و وانـەم وەك چـالاکی بنکـەی مافی مرۆڤـی کۆیـە و بەریوەبەرایـەتی نەهێشـتنی تونـدوتیژی سەر بەوەزارەتی نـاوخۆ وتۆتـەوە لـە سـاڵانی 2009 و 2010 و 2011 ) ، هـەروەها لـە شـاری چەمچـەماڵ چەنـدین سـیمنار و وانەم لەسەر کاریگەری دەروونی پرۆسەی ئەنفال وتۆتەوە .<br>11- بەژداری کۆنفراسی ( وەزارەتی پەروەردە ) لە ساڵی 2015 وەك ئەندامی بەشی دیراسەت .<br>12- بەژداری کۆنفراسی هاوبەشـی وەزارتـی پـەروەردە و وەزارەتـی خویندنی بالا بۆ هاوتا کردنەوەی لە ساڵی 2016 وەك نوینـەری بەشی پەروەردەیی .<br>13- بەژداری کۆنفراسی ( زانکۆی چەرموو ) لە چەمچمال لـە سـاڵی 2016 کردووە .<br>14- بەژداری یەکەمین کۆنفراسی نێۆدەوڵەتی زانستە دەروونیەکـان و پەروەردەییەکـــانی ICEPS2020 لە کـــۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین کردووە .<br><br>ئەندامێتی :<br>1- سەرۆکی رێکخراوی ئاشـتی بـۆ پەرەپێـدانی تواناکـانی گـەنجان لەناو شاری هەولێر لە ساڵانی 2009 – 2014 .<br>2- ئەندامی دەستەی بـاڵای کۆمەڵـەی دەرونزانیـانی عیراقـی لقـی هەولێر لە ساڵی 2004 ەوە .<br>3- ئەندامی دەستەی باڵای ڕێکخراوی ( هاریکاری وئاشتی عیراقی) لقی هەولێر لە ساڵی 2009 وە . | |

| | |
|---|---|
| | 4- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ( دڵسۆزی نیشتمان ) لە شاری هەولێر لە ساڵی 2014 ەوە .<br>5- ئەنـــدامی لیژنـــەی هەڵســـەنگاندنی پرســـیارەکانی کـــۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ساڵی 2013 – 2014 و 2015 – 2016 .<br>6- ئەندامی لیژنەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی خوێندنی 2006 و 2009 ی زانکۆی کۆیە .<br>7- ئەندامی لیژنەکانی ( تعزيد ی کۆلێژ و بەشی باخچەی ساویان ) لە ساڵانی 2014 – 2015 و 2015 – 2016 .<br>8- ئەندامی لیژنەی زانستی بەشی باخچەی ساویان لە ساڵی 2013 و تا ئێستا .<br>9- ئەندامی لیژنەی رۆژی کۆلیژ و ڤیستڤاڵی کۆلیژ ساڵی 2015 .<br>10- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ساڵی 1998 ەوە.<br><br>بواری توێژینەوە :<br>- ئەنجامدانی توێژینەوەی ( خۆسوتاندنی ژنان ) لە گۆڤاری وەزارتی مافی مرۆڤ ساڵی 2007 بڵاو کراوەوە .<br>- هەڵســەنگاندنی توێژینــەوەی ( الوظیفـة التربویـة للتلفزیـون) کـە بـۆ مەبەستی بەرزرکردنەوەی پلەی زانستی بوو .<br>- ئەنجامدانی توێژینەوەی -الحاجات التدريبية لمعلمات ريـاض الاطفـال من وجهة نظرهن وفق بعض المتغيرات – 2015<br>- ئەنجامدانی توێژینەوەی - الحوار التربـوي بـين الاسـاتذة و الطلبـة في جامعة صلاح الدين – اربيل – 2019<br>- ئەنجامدانی توێژینەوەی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر - 2020<br>ئەنجامدانی توێژینەوەی - بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر - 2021 |

9. پەیام و ئامانجی کۆرس :
1- فێربوونی بنەما سەرەکی یەکانی توێژینەوە و توێژینەوەی زانستی بە گشتی .
2- فێربوونی بنەما سەرەکی یەکانی توێژینەوەی زانستی - پەروەردەیی بە تایبەتی .
3- باسکردنی بنەما سەرەکی یەکانی چەمکی زانست لە توێژینەوەی زانستی - پەروەردەیی هەر لە پێناسە و مانای فراوان و تایبەتی زانست و دواتر باسی لێکچوون و جیاوازی نێوان زانستەکان دەکرێ .
4- قوتابی تێ بگات لە ئامانجەکانی زانست ( تێگەیشتن و وەسف کردن و شیکردنەوە و پێشبینی کردن و کۆنترۆل کردن ) و هەریەکەیان بەنمونەی زانستی دۆڵمەند و باس دەکرێ .
5- ئاشنا بوونی قوتابی به بیرکردنەوەی زانستی وەك چەمك و پێناسە و شێوازی زانستی بۆ زانیاری و داتا کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکان ، وەهروەها فێرخواز هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی زانستی دەخوێنیت و تیشك دەخرێتە سەر هەر هەنگاوێکی ئەم بیرکردنەوەیە هەر لە ( دەست نیشان کردنی گرفت و جێ بەجێ کاریی یەکان و تا دەگاتە دوا هەنگاوی کی ئەنجام و دەر ئەنجامەکانە ) دواتر تیشك دەخرێتە سەر

بەربەستەکانی بەردەم بیرکردنەوەی زانستی .
6- قوتابی ئاشنا دەبێت بە چەمکی توێژینەوەی زانستی و توێژەری زانستی و پەروەردەیی لە سەردەمی ، هەر لە دیاریکردنی پێناسە و مانای و چەمکی توێژینەوە و توێژەری زانستی .
7 – قوتابی تێ بگات لە رێگەی زانستی و گرنگی توێژینەوەی زانستی و ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی ( ئامانجی گشتی و تایبەتی ) وخاسیتەکانی توێژینەوەی زانستی ، وئەخلاقیاتی توێژینەوەی زانستی و توێژەری زانستی ، و دامەزراوەکانی توێژینەوەی زانستی ، و ئامادە باشی و تواناکانی توێژەری زانستی ( لە لایەنی کەسایەتی و زانستی و پلانکاری و لۆژیکی و هونەری و هەڵسەنگاندنی ) ، وئەو ئاراستانەی کە توێژەر دەبێ بڕوایان پێ ی هەبێ وەك ( کرانەوەی عەقڵی و دوورکەوتنەوە لە دۆگماتیزمی و بڕوا بوون بە قیمەتی فێربوون وفێرکردنی بەردەوام و تازە بوونەوە لە زانست و پەروەردە بە توێژینەوە.
8- قوتابی تێ بگات لە جۆرەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی و دەروونی دەکرێ ( وەك توێژینەوەی مێژووی و توێژینەوەی وەسفی – بەهەموو جۆرەکانی – و توێژینەوەی ئەزمونگەری ) .
9- ناوەڕۆك و بەشەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی دەکرێ ( بەشی یەکەم – ناساندنی توێژینەوە ، بەشی دووەم – چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو - بەشی سێیەم – کرداری یەکانی توێژینەوە - بەشی چوارەم ئەنجامەکانی توێژینەوە و دەرئەنجام وڕاسپاردە وپێشنیارەکانی توێژینەوە - وچۆنیەتی نووسینەوەی لیستی سەرچاوەکان و پێشەکی و کورتەی توێژینەوە ) .

**10. ئەرکەکانی قوتابی :**

- ئامادە کردنی بابەتی رۆژانە وەك پرسیار و وەڵامدانەوەی تایبەت بە هەر بابەتێك .
- ئامادە کردنی ڕاپۆرتی مانگانە و ساڵانە لەسەر هەر بابەتێك کە خۆی ئارەزوومەندانە هەڵی دەبژێرێ .
- پێشکەش کردنی بابەتێك لەناو پۆل .
- شیکار کردن و ڕاڤە کردنی ئەو بابەتانەی کە وەك کیشەی قوتابیان و پەرورەدەیی هەڵدەبژێرێ .

**11. ڕێگەی وانە ووتنەوە :**

- بەکار هێنانی شێوازی پرسیار و وەڵام دانەوەی ناو پۆڵ ، بۆ گەنگەشە کردنی بابەتەکان .
- بەکار هێنانی سلاید و داتاشۆ .
- بەکار هێنانی تەختە سپی ..
- بەکار هێنانی ڕاپۆرت و مینی ڕاپۆرتەکانی قوتابی .

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن :**

- کیوزی رۆژانە و پرسیار و وەڵامی رۆژانە .
- ئامادە کردنی بابەت بۆ پێشکەش کردن و ڕاپۆرت کردنی بابەتەکانی قوتابی ..بۆ هەر چالاکی یەك نمرەی تایبەتی خۆی وەردەگرێ ( بە گوێرەی پێوەرێکی زانستی پێشوەختە ئامادەکراو ) .
- تاقیکردنەوەی گشتگیری بەش کە هەموو قۆناغەکان بەیەکەوە ئەنجامی دەدەن و ( کۆنمرەی 15- 20 نمرە ) یە .
- 5 نمرە دەکرێتە کۆی چالاکی وەرزێکی کۆرسەکە ...کە لەکۆتایی هەر 2 وەرزەکە دەبێتە 40% .
- بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ 60% دەبێت .. کە پرسیارەکانیان جواروجۆر و هەمەڕەنگ دەبێت و هەر پرسیارێك نمرەی تایبەتی خۆی بۆ دادەنرێ ... کە پرسیارەکان وەك ( پێناسە و هۆکار و شیکردنەوە ...هتد )

**16. لیستی سەرچاوە**

- سەرچاوە بنەڕەتیەکان :
- عبد الجليل الزوبعي و محمد احمد الغنام ، 1974 ،مناهج البحث في التربية ، مطبعة العاني

<table>
<tr><td colspan="2">


،بغداد.

- احمد سليمان عودة 1992 ، أساسيات البحث العلمي في التربية والعلوم الانسانية .
- رجاء ابوعلام (2004 ) ،مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية ، دار الناشر للجامعات ، مصر.
- سامى ملحم (2007) ، مناهج البحث في التربية وعلم النفس ، دار المسيرة للنشر والتوزيع . الاردن.
- سەرچاوەی سوودبەخش :
- میتۆدی توێژینەوەی زانستی 2020 ، د سابیر بەکر بۆکانی ، ناوەندی رۆشنبیری ڕەهەند ، سلێمانی .
- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت) :
- http://www.socialresearchmethods.net/ مناهج البحث
- http://www.pathways.cu.edu.eg مناهج البحث وكتابة مقترح للبحث


</td></tr>
<tr><td>17. بابەتەکان</td><td>د .ديار محي الدين</td></tr>
<tr><td>هەفتەی 1 : دەستپێکی ڕێبازی توێژینەوە - چەمکی زانست و توێژینەوەی زانستی - چەمکی بیرکردنەوەی زانستی ( هەنگاو و خاسیەتەکانی ) - پێناسە و گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی ، ئەخلاقیاتی توێژینەوەی زانستی ، دامەزراوەکانی توێژینەوەی زانستی -<br>هەفتەی 2 : پێناسە و ئامادەباشی وتواناکانی توێژەر ، ناخۆشی ولەمپەڕەکانی توێژەر لە توێژینەوە ،هەڵەکانی توێژەر – بەگشتی .<br>هەفتەی 3 : جۆرەکانی ( پۆلینەکانی ) توێژینەوە - پۆلینی توێژینەوە لە ڕووی ( سەرچاوە ) کان - پۆلێنی توێژینەوە لە ڕووی ( مەیدانی و تیۆری ) - پۆلێنی توێژینەوە لە ڕووی ( سروشتی و تاقیگەیی )- پۆلێنی توێژینەوە لە ڕووی ( ئەکادیمی و ڕاوێژکاری ) - پۆلێنی توێژینەوە بەگوێرەی میتۆدی توێژینەوە .<br>هەفتەی 4 - 5 : توێژینەوە ی (مێژووی )<br>هەفتەی 6 – 7 – 8 – 9 : توێژینەوە ی (وەسفی)<br>هەفتەی 10 - 11 : توێژینەوە ی (ئەزمونگەری – تەجریبی ) .<br>هەفتەی 12: ئەزموون و تاقیکردنەوەکان :<br>هەفتەی 13: چاو خشاندنەوە و چالاکی یەکانی کۆتایی .</td><td>6 کاتژمێر بۆ هەر هەفتەیەک</td></tr>
<tr><td>18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)</td><td>نی یە</td></tr>
<tr><td colspan="2">19. تاقیکردنەوەکان : لە بانکی پرسیارەکان لە پرۆفایلی زانکۆیی مامۆستا دانراوە ...</td></tr>
<tr><td colspan="2">20. تێبینی تر: نیە</td></tr>
<tr><td colspan="2">21. پێداچوونەوەی هاوەڵ : د. ئاراز حکیم رەزا</td></tr>
</table>